# بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان سەبارەت بەبەشدارییکردن لەلیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**جەماوەری گەلی کوردستان**

**حزبو لایەنە سیاسییەکان**

ئێمە لە کۆمەڵی ئیسلامییو لەپێگەی بڕوای تەواومان بە بەرگریکردن لە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە ڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، شان بەشانی لایەنە سیاسییەکان لە خەباتی چەکداری دژی ڕژێمی بەعس بەشانازییەوە بەشداری ئەو قۆناغە گرنگە مێژووییەی گەلەکەمانمان کرد.

بۆ درێژەدان بەو خەباتەو لەپێناو هێنانەدی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، بەشداری جددی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقمان بەلیستی جیا کرد، بەوەش سەنگو قورسایی سیاسیی گەلەکەمان لەپەرلەمانی عێراقدا زیاتر کرد.

جێگای باسە سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی لەسەرو بەندی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥/١٢/١٥ بڕیاریدا کە هەوڵی جددی بدرێت بۆ پێکهێنانی لیستێکی ئیسلامیی سەرتاسەری لە سەر هەردوو ئاستی عێراقو کوردستان تا دەنگی ئیسلامییەکانی تێدا بەرجەستە بکرێتو تواناکان یەك بخرین، بەڵام هەوڵەکانی پیادەکردنی ئەو بڕیارەی سەرکردایەتی بەداخەوە سەری نەگرت، بۆیە کۆمەڵی ئیسلامیی لە سۆنگەی باوەڕی تەواوی بە بەرگریکردن لە مافی گەلی کوردستانو پێکهێنانی لیستێك کە هەموو هێزە ئیسلامییو نەتەوەییەکان لە خۆ بگرێت، لەپێناو کۆکردنەوەی دەنگی گەلی کورد لەبەرەیەکی تۆکمەو بەهێزدا بۆ داکۆکیکردن لەمافە ڕەواکانی گەلەکەمان لەپەرلەمانی عێراقدا بڕیاریدا بەشداری لیستی کوردستانی بکات بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق.

جێگای خۆیەتی ئەوە بیری هەموو لایەك بهێنینەوە کە هەر چەندە کۆمەڵی ئیسلامیی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەلیستی جیاو سەربەخۆ دابەزی، بەڵام لە دواییداو بۆ تۆکمەکردنی ڕیزی کوردیی لەپەرلەمانی عێراقو چەسپاندنی مافەکانی گەلەکەمان نوێنەرەکانی خۆی خستە پاڵ لیستی کوردیو لەهەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستبوون بە مافەکانی گەلەکەمان و چارەنووسی ناوچە تازە ئازادکراوەکاندا نوێنەرانی لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی هاوڕای لیستی کوردستان بوون.

بۆیە کۆمەڵی ئیسلامیی دوای هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانو بەپێوەدانگی شەرعیو واقیعی کوردستان، بڕیارماندا بەهاوبەشی لەگەڵ لیستی کوردستان، بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق بەشداری بکەین.

دیارە ئێمە لە کۆمەڵی ئیسلامیی تێبینیمان لەسەر یاسای بنەڕەتی هەڵبژاردنی داهاتوو هەیە کە عێراق دەکات بە (١٨) بازنەی هەڵبژاردنەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان، کە ئەمەش بۆ خۆی لەبەرژەوەندی حزبە دەسەڵاتدارەکاندایەو ئەو بوارە لە بەردەم حزبو لایەنەکانی تر کەمتر دەکاتەوە.

هەروەها تێبینیمان لەسەر هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (یەکێتییو پارتی) هەیە، سەبارەت بە ئەو هەموو وەعدو بەڵێنانەی کە بەجەماوەری گەلەکەمان بەر لە هەڵبژاردن دراوەو زۆرێکی جێبەجێ نەکراون، هەرچۆن تێبینیشمان لەسەر لیستی کوردستان هەیە لە ئاستی بەشداری پێکردنی لایەنەکانی تر لە دانوستانە چارەنووسسازەکانو توانایيو ئاستی ئەندامانی لەپەرلەمانی عێراقدا، بەڵام سەرەڕای ئەو تێبینیانە بۆ داکۆکی کردن لەمافی ڕەوای گەلەکەمانو یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکوكو ناوچە ئازادکراوەکان کۆمەڵی ئیسلامیی بڕیاریدا بە هاوبەشی لەگەڵ لیستی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق بەشداری بکات.

**مەکتەبی سیاسیی**

**کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان/ عێراق**

**٢٠٠٥/١٠/٢٥**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com